کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 10-4-2007 23:06

## لە 4 ساڵەی پرۆسەی ئازادیدا چارەنووسی کورد و شەڕی شەقامەکانی عێراق ... حەسەن ئەحمەد مستەفا



بەر لەئازادی سەرتاسەری عێراقیش، بەشێکی کوردستان هەر ئازادبوو، بەرادەیەك لەتوانای سیاسی و ئیداری خۆیدابوو، دیناری عێراقی چاپی سویسری توانای خۆی لە عەرەبستانەکە لە دەستدابوو، لەنێودەستەکانی سوڵتەو خەڵکی کوردستان هەر هاموشۆی دەکرد. شاندی جیهانی دەهاتن بۆ کوردستان، بەڵام لەناوخۆماندا ئەوەندەی دوای ئازادی عێراق لەگوتارێکی یەکگرتوودا نەبووین، توانا دارایەکانیش لاوازبوون، کورد پشتی بە سنور و هەندێك دەرامەتی ناوخۆیی دەبەست، کە لە ئاست ئاوەدانکردنەوەی وولاتەکەدا نەبوو

خەونی کورد بەر لەئازادی عێراق، پاشەڕۆژی عێراقێکی ئازاد بوو، عێراقێك کەتیادا پێکهاتەکان بەئازادی بژین، ئاشت بن، سیستەمێکی فیدراڵی جێگیرمان هەبێت و کێشەی کەرکوك لەفۆڕمێکا چارەبکرێت کە بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان و سەروەتەکەشی بۆ هەموو عێراقیەکان بێ.

لەخەونی کوردا نەبوو لەدوای ئازادی عێراق هێزە فرە ڕەگەزەکان، بەتایبەتی ئەمریکا بەم چەشنە کەرکوك بخاتە دەرەوەی هەرێم و پاشان وەك واقعێك بۆ عێراقیەکانی بهێڵێتەوە.

ئەم هەڕەشانەی ئەمرۆ لەهەرێمی کوردستان دەکرێن، لەلایەن جیرانەکانمانەوە هەر هەبوون.

بەر لەئازادی عێراق و دوای ئازادی عێراق، ئێمە لەهەرێمی کوردستان هەر هەبووین، درێژەمان بەژیانی ئاسایی و نائاسایی خۆمانداوە، ئەوەی خەونەکانی گۆڕی، ئەم شەڕەیە کە پێشبینی نەکرابوو، شەڕێك کە بەغداو موسڵ و کەرکوك و ئەنبارو شارەکانی دیکە خوێناوی دەکات، شەڕێك کەبەسەدان مامۆستای زانکۆو نوسەرو ڕۆشنبیری تیادا کوژراوە، شەڕێك کە دونیای بەخۆی خەریك کردووەو کاردەکاتە سەر بارودۆخی دامەزراوەکانی ناو ئەمریکا، شەڕێك جگە لەماڵوێرانی هیچ بەرهەمێك بۆ هەریەك لە ئەمریکا و عێراق و تیرۆرستان نادات، داراییەکی زۆریش بە هەدەر دەبات، شەڕێك کە فلمی مێژووی قەبیلەکانی عەرەب جارێکی تر لێدەداتەوە.

لە سەرەتای شەڕی شەقامەکانی ناو عێراق، دوو بۆچوون لەنێو هاوڵاتیان هەبوون، هەندێك دەیانگوت ئەگەر عەرەب یەکگرتووبن، هیچ مافێکی کورد ناسەلمێنن و عەقلیەتی شۆڤێنی و داگیرکەری جارانیان هەرماوە.

بۆچوونەکەی تر، لەم شەڕە دەترسا و دەیگوت، بۆ کوردستان دۆسیە فەرمیەکان گرنگن، جێبەجێ بوونە یاساییەکان گرنگن، ئەم شەڕە، جێبەجێ بوونی شتە ڕەسمیەکان لەعێراق خراپ دەکات، یان دوایان دەخات، هەر دواکەتنێکیش بۆ میللەتێکی بێ پشتیوانی وەك کورد زیانێکی گەورەیە، چونکە ئەم ماف و یاسایانەی لە مرۆدا، لە بەرژەوەندی ئێمەدان و دەچەسپێن دەسکەوتی مێژووین.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کورد لەناوخۆیدا خاوەنی کەسیەتی و سوبێکتیکی سەربەخۆیە، دەتوانێ داکۆکی لەناسنامەی خۆی بکات، دەیەوێت عاقلانە مامەلە لەگەڵ فاکتەرە ناوخۆیی وناوچەیی و نێونەتەوەییەکان بکات، لەسەر ئاستی دونیاش دۆزەکەمان زۆر چۆتە پێشەوە، بەلام چونە پێشەوەیەکی بەربلاوە، کۆکراوە نیە، بابەتی هەڵەبجەو ئەنفال و وێران کردنی کوردستان نەکراون بەدۆسیەی جیهانی و نەتوانراوە کارێك بکرێت، ئەم دۆسیانە ببنە شوناسی ژینۆساید کردنی گەلێك.

سەرەڕای ئەوەش حکومەتی هەرێمی کوردستان کە نێچیرڤان بارزانی سەرکردایەتی دەکات، توانیویەتی لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوە، تائاستێکی زۆر سیماو کەسیەتی "حکومەتی" بە کورد ببەخشێ، بوونی کەسیەتیەکی وەك نێچیرڤان بارزانی بەسەرەك وەزیر، بەم باکگراوندە سیاسی و خێزانییەی هەیەتی، کە لەسەر ئاستی ناوچەیی و جیهانی بەجۆرێك لە موئەسەسەی سەرکردایەتی ناسراوە، گۆڕوتینێکی زۆری داوەتە حکومەتی کوردستان، لەفۆرمە جیهانیەکاندا لەڕێزی کەسە پێشەنگەکاندا هەڵدەبژێردرێت.

ئەوانە و ئەم پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی لەکوردستان هەیە، هەموویان بەیەکەوە توانیوویەتی کەسیەتیەك بۆ هەرێمی کوردستان بەرجەستە بکات، کە پێناسە لەکەسیەتی مەدەنی دیموکرات، ئازاد دەکات، ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کە لەلایەن جیهانەوە بەچاوێکی تایبەتی تەماشای کوردستان بکرێت، هەر ئەم چاوە تایبەتیەی دونیاش لەسەر کوردستانە کەوای کردووە جۆرێك لەئارامی بەدڵ و دەروونی هاولاتیان ببەخشێ.

جۆرێك لەئاستەنگیشی بۆ ناحەزانی هەرێمی کوردستان دروست کردووە کە ناتوانن بەئاسانی بەسەر هەرێمی کوردستاندا دەرباز بن، یان هەڕەشەی لێبکەن، ئەمریکیەکانیش ئەمڕۆ ئەم ئارامییەی هەرێم بەرووی خۆیانەوە دەبینن، هەرێمێك کە ئومێدە بۆ ئەوەی بۆ عێراقیش وەك ئەمی لێبکرێت.

خەونی کورد بەر لەئازادی عێراق ئەوە بوو کە سەددام رووخا ئیتر کوردستان تەواو، هاتنی تورکیا بۆ ناوهاوکێشەکان و زەق کردنەوەی گروپ وباندی گومانلێکراو لەخەونەکەدا نەبوو، سیاسیەکان دەیانزانی کەڵکەڵەی تورکیا چیەو چۆنە، بەڵام ئەم هەستەی ئەمڕۆ هاووڵاتیانی کوردستان بەرامبەر تورکیا هەیانە جاران و بەر لە ئازادی عێراق نەیانبوو.

کەسە هەرە ڕەشبینەکان، ئەوانەی پێیانوابوو کوردو دوژمن، کوردو داگیرکەر، بۆ یەکتر خوڵقاون، کوردو نەگبەتی، کوردو ئاوارەیی بۆ یەکتر خوڵقاون، پیانوابوو بەرووخانی سەددام دارودەستەکەی ئیدی کوردو دوژمن تەواو، ئەمڕۆ کەهەڕەشەی تورکیا دەبینن جارێکی دیکە دەگەڕێنەوە ناو کۆنەهەواری زەینی و ڕووحی خۆیان، جارێکی دیکە کورد و نەحەسانەوە دەبینن.

لەم نێوەندەدا ئەوەی یاری پێناکرێت، ئەوەی دەبێ ببینرێت، ئەم هێزەیەکە کورد هەیەتی ئەم سەرکردایەتیەیە کە کورد هەیەتی، ئەمڕۆ لە کوردستاندا سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، پەرلەمانی کوردستان، حکومەتی هەرێمی کوردستان، دادگا، هەروەها بواری رۆژنامەگەری هەیە، لەعێراقیش سەرۆك کۆمارو چەندین پۆستی گرنگی دیکە، لەدەستی کوردستاندان و بەڕێوەیان دەبەن.

ئەوەی من باوەڕم پێیەتی ئەوەیەکە هیچ کاتێك کورد لەبەغدا نابێتە دەسەلات هەروەك هیچ جارێکیش تورك و عەرەب لەهەولێر و کەرکوك نابنە دەسەلات، دەسەلات کاتێك دروست دەبێت، کە بۆنی گڵی ولاتەکە و کەلتورو سایکۆلۆژی خەڵکەکە تێکەلی بەیەکتربن، دەبینە میوانی باش، ئەوانیش دەبنە میوانی باش، بەلام نە ئەوان لەماڵی ئێمە نە ئێمەش لەماڵی ئەواندا دەبینە خاوەن ماڵ، ئەوەی گرنگە، لەم ماوەیەدا وا بە تۆکمەیی میوانی ماڵی یەکترین، چی دەکەین و چ کاریگەریەکی درێژخایەن لەسەر یەکتر بەجێ دێڵن؟ گرنگە ئێمە هەر خۆمان بین و نەبین بە ئەوان.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەمڕۆ زۆربەی هەرەزۆری کورد لەوباوەڕەدایە کە ئاسایشی ناو عێراق خزمەتی ئێمەش دەکات، هەرپاشەکشەیەکی کتوپڕی هاوپەیمانانیش بەکارەسات بۆ هەموو عێراق دەشکێتەوە، لەناویاندا کوردیش، لەوانەیە ئەم قەناعەتە زۆر لە پڕ لەگەڵ ڕاپۆرتەکەی بیکەر هاملتۆن کەوتبێتە ناو خەڵکەکەمانەوە.
ڕاپۆرتێك کە شەڕ دەگوازێتەوە ناو ماڵی ئەمریکا، ڕاپۆرتێك کە ئارامیەکی زۆری بەسیستەمە کۆنەکانی ناوچەکە بەخشی، ڕاپۆرتێك کە گوڕوتینێکی زۆری دایە هێزە تیرۆریستەکان.
ئەم هەژانەی کە ئەم ڕاپۆرتە لەناو کورد دروستی کرد، هەژانێکی عاتیفی بوو، نەك سیاسی، چەند شەوێك ڕۆژنامەو تەلەفزۆنەکانی هەژاند، بەڵام نەیتوانی کارێك بکات ئێمە تەدابیرمان بۆ دواڕۆژ هەربمێنێ، ئەم بی تەدابیرەش خەسڵەتێکی لە مێژیینەی کوردە و لە یەخەی خۆی ناکاتەوە.
لەوانەیە وتەکەی هیلاری کلنتۆن لەکۆنگرێس کەخۆی لە دیموکراتەکانە هێندەی کەفوکوڵی ئێمە گرنگ بووبێ، کە گوتی: ئەگەر لەعێراق پاشەکشە بکەین هەرێمی کوردستان دەپارێزین.
ئەوەی ئەمڕۆ لەعێراق دەگوزەرێت زیانبەخشە، زیان لەمرۆڤ و مرۆڤایەتی دەدات، بەڵام تێکەڵاوێکی چڕوپڕی لەنێوان عێراقیەکان و دنیا دروست کرد، لەوانەیە هاووڵاتیانی جیهان هەرئەوەندە ناوی شارەکانی ئەمریکایان بیستبێ، کەچەندین ساڵە "هۆلیۆد" کاریان لەسەر دەکات، گەورەو بچووکی دنیا دەزانێ بەغداو گەڕەکەکانی بەغدا چۆنن و ناویان چیە، لەسەرتاسەری دونیا دەزانن شارەکانی دیکەی عێراق ناویان چیە و کێ لەناویان دەژێت، هێندەش زیاتر دەزانن لە کوردستان گەلکی ئاشتی خوازدەژیت.
لەگەڵ ئەوەشا کە شەڕەکە زیان لەهەمووماندەدات، ئەو کەسانەی بەدرێژایی مێژوو کۆن و نوێی ئێمەیان ناشرین دەکرد، ئەمڕۆ تابلۆکەیان پێچەوانە بۆتەوە، کورد خاوەنی جوانترین وێنەیە کە ڕەنگی سورو خوێنی هەرتیانیە، تاکە سەربازێکی ئەمریکی لە کوردستان نەکوژراوە.
دواجار ئەگەر هەموو دنیا دەستی هاوکاری بۆ ئەمریکاو فرەڕەگەزەکان لەعێراق درێژ نەکەن، شکانی عێراق و پرۆسە سیاسیەکەی شکانی مرۆڤایەتی ئاشتیخواز دەبێ، ئەگەر تیرۆر لەعێراق سەربکەوێت هەڕەشەی تیرۆر دەگاتە ناو ماڵی هەموو ئەوانەش کەلە دورەوە بەتەنها ڕۆڵی چاولێکەر دەبینن.
دوای چوار ساڵ لە ئازادی عێراق، بەشێکی زۆری چارەنووسی کوردستان پەیوەندی بە کورد و تواناکانیەوە هەیە، بەشێکی تری کەوتۆتە سەر پشتی بارودۆخی بابەتی، بەشی زۆرشی کەوتۆتە سەر ئەنجامەکانی شەڕ لەناو شەقامەکانی عێراقدا.

Hassanmustafa_2007@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.